# فەندەمەنتالەکانی ئەمریکا فەتوای کوشتنی سەرۆکی فەنزوێلا ڕادەگەیەنن

**رزگار عومەر**
rezgar70ca@yahoo.com

پات رۆبرتسۆن ، کە وێنەکەی لە لای ڕاستی ئەم پەرەگرافە دانراوە ، واعیزێکی دینی توندڕەوی مەسیحیە ، دامەزرێنەری





ڕێکخراوێکی دینی گەورەیە کە نزیکایەتیان زیاتر لە گەڵ حیزبی کۆماری ئەمریکادایە ، رۆبرتسۆن وەکو هاوشێوەکانی خۆی لە راستڕەوەکانی ئەمریکا زوو زوو دەم لە سیاسەت وەردەدا ، هەفتەی رابردوو لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کە تەنیا تایبەتە بە ناردن و تەبشیری دینی مەسیحی ، لە بەرچاوی دونیادا رایەگەیاند ، کە پێویستە لە سەر حکومەتی ئەمریکا ، سەرۆکی فەنزوێلا چاڤیز کە "وێنەکەی لەلای چەپدایە " تیرۆر بکات ، ئەو لە خوتبەی هەفتەی ڕابردوودا ووتی :

(( ئێمە ئەو توانەیەمان هەیە کە لە نێوی ببەین ، پێم وایە ئێستا وەختیەتی ئەو توانایەی خۆمان عەمەلی بکەینەوە ، ئێمە بۆ لە بەین بردنی دانەیەکی تر ، پێویستیمان بە بەرپا کردنی شەڕێکی تری بە مەسرەفی 200 بلیۆنی نییە ، زۆر زۆر ئاسانترە بە چالاکیەکی نهێنی ئەم کارە ئەنجام بدرێ و لە بەینی ببەین )) !!

کاردانەوەکان زۆر توند بوون بەرامبەر بەو تەسریحاتە ، لە ئەمریکای لاتیندا لە سەر ئاستی حکومەتەکان و لە سەر ئاستی رای گشتیدا نارازایەتی لە بەرامبەریدا دروست بووە ، هەندێ لە کاردانەوەکان تەنانەت لە نێو لۆبیەکانی مەسیحیەت لە ئەمریکا خۆ دوور خستنەوە بوو لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو قسانەی رۆبرتسۆن ، هەندێ لە هاولاتیە ئیماندارەکانی کەنەدا هەڵوێست و نارازایەتیەکانیان زۆر روونتر بوو لە هەڵوێستی قسەکەری حکومەتی ئەمریکا لە سەر ئەم هەرایە ، هاولاتیە خۆ بە مەسیح زانەکانی کەنەدا کۆمێنتی زۆر و جۆراو جۆریان رەوانەی رۆژنامەکان کرد ، بە جۆرێك کە رۆژنامەی National post کەنەدی لە ژمارە 255 ی خۆیدا بێجگە لە بلاوکردنەوەی 4 بابەتی تایبەت بەم باسە ، لە لاپەرێکی خۆیدا لە پاڵ وێنەی رۆبرتسۆن کۆمێنتی نارەزایەتی ریز کردبوو ، یەکێك لەو نارەزایاتیانە لە هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا بەهێزتربوو ، لەوێدا کابرا نووسیبووی : " ناوت لە لیستی ئەو ناوانە دەسرمەوە کە لە جەژنی لە دایك بوونی مەسیح کارت و دیاریان بۆ دەنێرم " ئەم هەڵوێستە توندترە لە هەڵوێستی قسەکەری حکومەتی ئەمریکا کاتێ سەبارەت بەو رووداوە ووتی :" ئەم قسانەی بەڕێز رۆبرتسۆن لە جێ ی خۆی نیە " !

هۆی چیە ئەم هەرایە ، ئەم فەتوا تالیبان ئاسایە لە بەرامبەر فەنزوێلا دروست بووە ؟ ئەم فەتوایە چەندە تەعبیرە لە نیازەکانی حکومەتی ئەمریکا ؟ ئابووری و بازرگانی نەوت لە کام گۆشەوە لە پشتی ئەم هەرایە وەستاون ؟ ئایدەلۆژی و تەواززونە سیاسیەکان لە ئەمریکای لاتیندا لە کام گۆشەوە ئارامیان لە مەسیحە توندڕەوکان و لە بەرپرسەکانی CIA هەلگرتووە ؟ ئایا کام هەڵوێست دروستە لە بەرامبەر سەرۆکی فەنزویلا وەربگیرێ ؟

ئەگەر بمەوێ زۆر لە خوێنەری درێژ نەکەمەوە ، فەنزوێلا خەریکی جێ گرتنەوەی کوبایە ، فەنزوێلا بە وەزعێکی ئابووری باشترو بە هەندێ جیاوازی پۆزەتیڤانە لە چاو کوبا خەریکی یاریەکی گەورەیە ، چوونە پێشەوە لەم یاریە لەوەی زیاتر کە ئێستا دەگوزەرێ کوشتنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە ، بە تەعبیرێکی ئاسانتر فەنزوێلا خەریکی بنیات نانی بلۆکێکی ئەنتی ئەمریکایە کە ئەو بلۆکە کەمتر شیعار دەداو زیاتر گاز دەگرێ ، ئەم هات و هاوارەی مەسیحیە توند ڕەوەکان لەوەدایە ئەوان هێشتا لە شەڕی لە بەین بردنی بلۆکی سۆڤیەت و لە شەڕی کاسترۆی مولحید ی چەرخی بیست هێشتا پشویان نەداوە ، کەچی لە خوار ماڵەکەی خۆیان سەرۆکێکی تر بە هێزێکی گەورەی ئابووری ( نەوت ) داوەت نامە بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم بۆ

چەرخی بیست و یەك بلاودەكاتەوە ! من خۆم هیچ گومانێكم نییە لەوەی كە مۆدیلی سۆشیالیزمەكەی چافیز لەوەی سۆڤیەت و كوبا زیاتر نابێ ، بەڵام ئەمریكا ناتوانێ بەرامبەر كابووسی لەو بابەتە ئارامی نیشان بدا ، هەر بۆیە شان بە شانی ئەو واعیزە ، رایس خانی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا وولاتی فەنزوێلای وەكو یاركەرو هێزێكی نەگەتیڤ لە قەلەم دا ،خۆپارێزی رووكەشیانە لە بە كارهێنانی زمانی توندو تیژی لە زمانی عورفی دیبلۆماسیدا، هەندێ كۆت و بەندی بە سەر ووتنی نیازەكان و حەسرەتەكانی حكومەتی ئەمریكا فەرز كردووە ، بە تایبەتی بە بوونی بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان لە ئەمریكا كە بەم زووانە سەرۆكی ڤەنزوێلاش سەردانی دەكا ، بەڵام ئەم كۆت و بەندە جۆرێك لەوەزیفەی داوە بەو واعیزانە ، كە جارجار لە جیاتی حكومەتی ئەمریكاو لە جیاتی سەرۆك بۆش ، زمانێكی گونجاو هەرەشە ئامێز بەكاربێنن ، تەعبیر لە توانا میلتاریەكانی ئەمریكا بكا بۆ یەكلا كردنەوەی ئەو پێشهاتانەی كە لە گەڵ بەرژەوندیە ستراتیژیەكانی نایەتەوە .

ئابووری و نەوت لە كام گۆشەوە لە پشتی ئەم هەرایەوە وەستاون ، وەڵامەكەی رەنگە زۆر سادە بێ بو خستنە سەركاغەز و نووسین ، بەڵام لە دونیای راستیدا وێرانكاریەكی گەورە لە گەڵ خۆی دێنێ بۆ بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا ئەگەر بێتوو بە ئاراستەی ئەو پلانانە بڕوات بەرێوە كە فەنزوێلا كاری بۆ دەكاو جێ بەجێ ی دەكات .هەموو دەبینین رۆژانە نرخی نەوت لە بەرزبووندایە ، فەنزوێلا یەكێكە لەو پێنج دەوڵەتەی كە لە ریزی پێشەوەی بەرهەم هێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتدان ، لە 60% بەرهەمی نەوتی فەنزوێلا دەروا بۆ ئەمریكا ، هەر ئێستا بەرزبوونەوەی نرخی گاز قەیران و فشاری ئابووری لە سەر خەڵك لە ئەمریكا قوڵتر كردۆتەوە ، ئەمە رێگر نەبووە لەوەی كۆمپانیای سەرەكی فرۆشتنی گاز لە ئەمریكا تەنیا لە شەش مانگی یەكەمی ئەمساڵدا 326 ملیۆن دۆلار قازانج بكا ، ئەمە لە كاتێكدایە كە هاوڵاتیان لە ئەمریكا یەك لیتر گاز بە 3$ ئەمریكی دەكڕن ، بەڵام بێنە بەرچاو ئەگەر رۆژێك بێت و فەنزوێلا نەوت نەفرۆشێ بە ئەمریكا !! ئەم ئیحتیماله زادەی بیری من نیە ، ئەوە ئەو هەرەشە سادەیە كە ئێستا فەنزوێلا لە دژی ئەمریكا بە كاری دێنێ ، راگرتنی نەوت لە ئەمریكا سیناریۆیەكە هەردوو حكومەت زۆر بە جیدی لە حیساباتی خۆیاندا دەیهێنن و دەیبەن ، فەنزوێلا وەكو هەڕەشە ئەمریكاش وەكو بەڵایەكی كوشندە خەریكی ئەم بێنەو بەردەن ، فەنزوێلا لە دژی ئەمریكا خەریكی پەیدا كردنی بازاڕێكی ترو كریارێكی ترە بۆ نەوتەكەی خۆی ، لە نەگبەتی ئەمریكاش ئەو كڕیارە تازەیە دەوڵەتی زەبەلاحی روو لە سەری چینە ، وەزیری نەوتی فەنزوێلا Rafel Ramirez رای گەیاند كە ئەوان تازە ئۆفیسێكیان تەنیا بۆ مەسەلەی فرۆشتنی نەوت لە پایتەختی چین كردۆتەوە ، لە 3 مانگی رابردوودا 14 كەشتی نەوتیان رەوانەی چین كردوەو كۆی ئەو نەوتەی رەوانەكراوە بریتبووە لە 2 ملیۆن بەرمیل نەوت .

تەوازونە سیاسیەكان لە ئەمریكای لاتیندا ، لە باری سیاسیدا تەنانەت لە باری ئایدەلۆژیدا زیاتر بە قازانجی ئاو هەوای ئەنتی ئەمریكایە ، زارەوەكانی ئەنتی ئیمپریالیزم ئەگەر لە هیچ شوێنێكی ئەم گۆی زەمینە باوی نەمابێ ئەوا لە ئەمریكای لاتین وا تازە بازاری گەرم دەبێ ، چەپ و بیروراو خەبات بۆ سۆسیالیزم ئێستاش ئەم گرەوەیە كە لەدەوری چارەنووسی شەڕی خەڵك و دەسەڵاتەكان دایە ، گەشەسەندنی هاتنەوە سەركاری چەپەكان لە ئەمریكای لاتین لە پاش ئەزمونی ڤەنزوێلا ئەگەر دوێنێ لە دونیای ئیحتیمالات بوو ئەمڕۆ بۆ ئەفسەرەكانی CIA زیاتر قەلەقیە لەوەی كام لەم هێزانە زووتر بە دەسەڵات دەگەن ، فەشەلی بەڵێنەكانی بازاری ئازاد لە دابین كردنی خۆشبەختی و ئیشی بەردەوام بۆ چینی كرێكار و گواستنەوەی كارگەكانی ئەمریكا لە مەكسیكەو بۆ چین ، بە جێ هێشتنی كرێكاری مەكسیكی كە رۆژانە 2$ ئەمریكی كرێ ی بوو ، روو كردن لە كرێكاری چینی كە رۆژانە 50 سەنتی ئەمریكایی لە سەر پرۆسەی بەرهەم هێنان دەوەستێ ، هەزارەها ئیشی نەهێشت و یۆتۆبیای نووسخە سەرمایەداریەكەی لە چاوەروانیەكانی رای گشتی رەواندەوە ، مێژوویەك كە ئەمریكا هەیەتی لە سەپۆرت كردنی حكومەتە خوێناویەكان و میلتاریستەكانی لە بابەتی ژەنەراڵەكانی ئەرجەنتین و " بینۆتشە " لە شیلی روویەكی دزێو ناشیرنی داوە بە رۆڵی مێژوویی ئەمریكا لەو پارچەیەی جیهان ، كە كۆتایی هێنان بەم رۆڵە وەكو پرۆژەیەك ،وەكو خەونێك ، هەر لە هیندە سورەكانی گواتیمالا و چەپەكانی ئەرجەنتین و لیدەری رێكخراوە كرێكاریەكانی مەكسیك حكومەتی ڤەنزوێلای ئێستا بە یەكەوە گرێ دەداتەوە .





بیرو رای جیاواز هەیە لە سەر ئەم حکومەتی ئێستای ڤەنزوێلا ، لە سەر سەرۆکی ئێستای ڤەنزوێلا ، چاڤیز وەکو ئەفسەرێکی سوپا ویستی لە ڕێگای کۆدەتای سەربازیەوە لە ساڵی 1992 بگا بە دەسەلات ، کۆدێتاکە سەرکەوتوو نەبوو ، چاڤێز 2 ساڵ لە بەندیخانە مایەوە پاشان بە لێبوردن ئازاد کرا ، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1998 بە یارمەتی و سەپۆرتی پارتی کۆمۆنیستی ڤەنزوێلا و بە یارمەتی ڕێکخراوە ترۆتسکیەکان کەمپینی هەڵبژاردنی برد بەڕێوەو تیادا سەرکەوت لە هەڵبژاردنەکان ، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ باس لە توندو تیژی و کوشتن و بڕینی نەیارانی سیاسی دەکەن ، لە سایەی حوکمی ئەودا ، باس لە کۆنترۆل کردنی سیستەمی قەزاو دادگاکان دەکەن ، باس لە کۆنترۆل کردنی میدیاو ڕۆلی سوپا لە خۆ سەپاندن لە ژیانی سیاسی دەکەن ، لە بەرامبەریشدا ئەوانەی سەپۆرتی چاڤیز دەکەن راپۆرتی پێچەوانەو ئاماری جیاوازو قسەی جیاواز دەکەن .



ئەزموونی ڤەنزوێلا دەرفەتێکە ، کە ئەنجامی جیاواز چاوەروانی دەکا ، کە هیچ لەم ئەنجامە پۆزەتیڤ یان نەگەتیڤانە دیار نیە کامەیان جێگیر دەبێ ،بۆیە من لەو باوەڕەم کە خەڵك دەتوانێ سودێکی عەمەلی لێ ببینێ و ئەم ئەزمونە بە لای بەرژوەندی خۆیانا ببەن ، ئەوان دوێنی دەنگیان بە چافیز دا بۆ ئەوەی عەدالەتیان بۆ بێنێ ، بەڵام ئەگەر عەدالەتەکەی چاڤیز سوشیالیزمێکی ستالینێ بێ ، ئەوا دەتوانن هەر بەو دەنگەی دوێنێ دایان بە چاڤیز ئەم ئەزموونە لە بن دەستی چاڤیز دەربێنن و لە یەك کاتدا داوای نان داوای ئازادی بکەن ، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بە بێ دیموکراسی دیعایەکی حیزبیی تەمەن کورتە ، ئەنتی ئەمریکا بوون نابێ ببێتە ئەو پلیکانەو پردەی کە فلان ئەفسەرو فلان دیکتاتۆر بۆ چارەنووسی کۆمەڵگە بە سەریدا بپەڕنەوە ، میلتاریزم میلتاریزمە جا چ وەکو سوپای ئەمریکا موشەکی سکۆد بەکاربێنێ چ وەك چاڤیز لە بەرامبەر نەیارنیدا گاردی کۆماری ڤەنزوێلا بە کاربێنێ !


<u>سەرچاوەکان</u>

**1-nacla REPORT ON THE AMERICAS. Vol 39 No 1 . july/augest 2005.page 3**
**2-Dissent summer 2005 page 90**
**3-NATIONAL POST AUGEST 25, 2005 pages A1 A8 A12**
**4-http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2005/08/23/AR2005082300176.html**